# گۆڤاری ڕامان، چەمکی چاند، ڕۆشنبیری و بەردەنگ

**لەیلا ساڵحی**
**(بۆکان)**

ڕاگەیەنراوە چاندییەکان، بە پێچەوانەی ڕاگەیەنراوی ڕەوتی سەرەکی، کە بریتین لە کەناڵە هەواڵنێرییە ناسراوەکان و ڕۆژنامە پڕ تیراژەکان و زۆرتر لەسەر ڕاگواستنی زانیاری سوور بوونەتەوە، ڕاگەیەنگەلێکن کە ماناکان ساز دەکەن و قەوارە بە پێکهاتە زەینییەکان دەبەخشن و دەرفەتی وتووێژی ڕەخنەگرانە لەگەڵ کولتوور پێک دێنن، کەوابوو دەتوانین باسەکە ئاوا هەراو بکەینەوە کە بۆچی هەبوونی ئەو جۆرە ڕاگەیەنانە پێویستن؟ یەکەم ئەوەی کە ڕاگەیەنە وەک «کەشی سێیەم» بە پێی بۆچوونی «هوومی بەهابەها Homi Bhabha» نە تەواو سەر بە دەسەڵاتن کە ڕاوێژێکی فەرماندەرانەیان هەبێ، نە تەواو بازاڕین، کە تەنیا بۆ خەرج کردن بن، بەڵکوو ئەوانە بەرینابیەکن بۆ خۆڕاگری، پێناسەکردنەوەی شوناس، بەرهەمهێنانی گوتاری نوێ و دەلاقەیەکن بۆ فێرکردن و پەروەردەی ناڕاستەوخۆی خەڵک لە هەموو تەمەن و کات و ساتێکدا.

گۆڤارێکی ڕۆشنبیری سەربەخۆ هەم ڕەخنە دەگرێ و هەم ناشبێتە یەخسیری لۆژیکی بازاڕ، هەروەها کەشێکی باشە بۆ دەنگە کپکراوەکان وەک دەنگی ژنان و مرۆڤەکانی دیاسپۆرا و تەواوی کەمینە کۆمەڵایەتییەکان. دووەم خاڵ ئەوەیە کە ڕاگەیەنە وەک دیالۆگ (بە پێی بۆچوونی میخاییل باختین Mikhail Bakhtin) ئەرکەکەی ئەوەیە کە جێگۆڕکێ بە مۆنۆلۆگەکان، واتە تاکدەنگییەکان بکا و پۆلیفۆنی، واتە فرەدەنگی بێنێتە ئاراوە. بۆ وێنە ئەگەر بڕیار بێ باسی ڕووداوێکی مێژوویی بکا، تەنیا یەک گێڕانەوە لەو ڕووداوە بە دەستەوە نەدا، بەڵکوو گێڕانەوەی جۆراوجۆر لە پەنا یەک دابنێ و ئەو دەرفەتە بە خوێنەر بدا کە بۆخۆی حەول بدا بۆ دۆزینەوەی ڕاستەقینە. سێیەم خاڵ ئەوەیە کە ڕاگەیەنە وەک ئامرازێک بۆ بەخشینەوەی ئاگاداری (بە پێی بۆچوونی ئانتۆنیۆ گرامشی An-tonio Gramsci) لە قەڵەم بدەین.

دیارە کولتوور، گۆڕەپانی شەڕی هێژمۆنییەکانە و ڕاگەیەنەکانی سەر بە دەسەڵات حەول دەدەن بایەخەکانی خۆیان بە ڕەوا و شایستە بنوێنن و لە بەرانبەردا ڕاگەیەنەی چاندی و ڕۆشنبیریی ئەو جۆرە بە سروشتی کردنە لە قاو دەدەن. بە لەبەرچاو گرتنی هەر سێک بۆچوونەکە، دەکرێ بگوترێ کۆمەڵگەی کوردی کە لەو چەند دەیەی دواییدا بەدۆخێکی سەیردا تێپەڕیوە،

چەندە پێداویستی بە ئامادەبوونی گۆڤارێک هەبووە کە بە ئاراستەیەکی ڕۆشنبیرانەوە لە هەمبەر چانددا هەست بە بەرپرسایەتی بکا و تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ پێوەرەکانی هەر سێک بۆچوونەکاندا خۆی بگونجێنێ. کەوابوو گۆڤاری «ڕامان» هەر گۆڤار نەبووە، بەڵکوو «زەروورەت»، یان هەمان پێویستەی سەرەکی کۆمەڵگەی سەردەم بووە.

«تیۆدۆر ئادۆرنۆ Theodor Adorno» پێی وایە ڕاگەیەنراوێکی کولتووری ناکرێ بە دووی سەرقاڵکردنی گشتی و زانیاری خاوەوە بێ، بەڵکوو دەبێ زەینی بەردەنگی خۆی بەپرسیار ڕابێنێ. بۆ وێنە لەبری وتووێژ لەگەڵ سێلێبریەتییەکان، لەگەڵ نووسەران و هونەرمەندانی کەمتر ناسراو و خاوەن هزرەکانی شەقام چاوپێکەوتن بکا و بیروڕای ئەوان بڵاو بکاتەوە، هەروەها ڕاگەیەنەی چاندی دەبێ دژی لە بیرکردن و فەرامۆشی بێ؛ لە جیهانێکدا کە سیستمی دەسەڵات، بە تایبەتی زلهێزەکان دەیانەوێ ڕابوردوو بسڕنەوە، ئەوە ئەو ڕاگەیەنانەن کە «مێژووی هەنووکە» دەنووسنەوە و تۆماری دەکەن و بەڵگەنامە و بیرەوەری و گێڕانەوە وەپشتگوێ خراوەکان دەپارێزن و حەول بۆ ژیاندنەوەیان دەدەن. هەر وەک لە درێژەی باسەکەمدا دیسان تیشک دەخەمەوە سەر ئەو خاڵە.

«ڕامان» تەنیا گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی نییە، بەڵکوو تۆمارگەی مێژووی هەنووکەیە، جا چ وەک مێژووی کۆمەڵایەتی، چ وەک مێژووی ئەدەبی و هونەری. بێجگە لەوانەش ڕامان تەنیا چاوی لەوە نەکردووە کە چی بگێڕێتەوە، بەڵکوو چاوی لەوەش بووە کە ناوەڕۆکەکان چۆن بگێڕێتەوە و بە چ ڕاوێژێک بیانگەیەنێتە دەست بەردەنگ. ڕامان بە ڕەچاوکردنی ئەو خاڵە، حەولی داوە زمانی پێوەری ناوەڕۆکەکان بێخەوش و گرێوگۆڵ بنوێنێ و تەکووزێکی سیحراوی بۆ زمان و ڕێزمان و ڕێنووسی بێ هەڵە ڕەچاو کردووە. بێجگە لەوانەش حەولی داوە کە وێڕای بەدەستەوەدانی دەق، لە فۆتۆ و نیگارکێشی و هێڵکاریش کە بەشێکە لە ڕووکاری هونەری گۆڤارەکە، زەینی بەردەنگ بخاتە ئالنگارییەوە و بۆ فامی زیاتر پاڵنەری بێ.

ڕامان وەک یەکێک لە پڕبایەخترین و بەتەمەنترین گۆڤارەکانی جیهانی کولتووری مرۆڤی کورد، لە بواری فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، هزر، هونەر و ئەدەب و مێژوو ناسراوە. ئەم گۆڤارە لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی خۆیەوە لە نزیکەی سێ دەیەی ڕابوردوودا تا ئەمڕۆکە، دەورێکی بنەڕەتی لە چێکردنی پێکهاتەی چاند و بردنە سەرێی ئاستی ئاگاداری نووسەر و قەڵەم بەدەستی کورد هەبووە. لە ئێستادا کە ڕاگەیاندنەکان یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانن بۆ بێچمدان بە بیروڕای گشتی کۆمەڵگە، گۆڤاری ڕامان بە بەڕۆژکردنەوەی ناوەڕۆک و لەبەرچاو نەگرتنی سنووری دەستکردی جوگرافیای نیشتمانی کورد، بووەتە قوتابخانەیەک بۆ لە دەوری یەک کۆکردنەوەی هزر و مەعریفەی کوردی لە هەموو چوار قورنەی جیهان و تریبۆنێک بووە بۆ چێکردنی گوتاری نوێی کولتووری کورد، هەروەها خوێندنەوەی ئاستی ئاگاداری مرۆڤی کورد لە جیهانی ئێستادا. وێڕای ئەوانەش ڕامان ڕێبازێکی بەرین بووە بۆ پەیدۆزی مرۆڤی کورد لە هەمبەر چۆنیەتی بواردنی ڕێگەی گەشەی فەرهەنگی و مانەوەی لە چارتی فەرهەنگیدا، وێڕای کێشە فەرهەنگی و سیاسی و چەکدارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؛ بێجگە لەوەش ڕامان هەر لە سەرەتاوە بە شوێن ئەوەوە بووە کە ئاستی لێکدانەوەی بەردەنگی خۆی لە هەموو بوارەکاندا بەرەو پێشوەچوون ببا. ئەم گۆڤارە بە بڵاوکردنەوەی وتاری جۆراوجۆر، بە تەوەری

جۆراوجۆرەوە و لە ڕوانگەی کەسانی جیاواز و بە بیروڕای جیاوازەوە، بەجێی بەدەستەوەدانی زانیاری خاو و هەڵنەسەنگێنراو و هەڵنەپەرتێوتراو، بەردەنگی خۆی تووشی ئالنگاری کردووە تا لە ڕوانگەی هزرێکی هەڵسەنگێنەرانەوە زانیاری و هزرەکان تاووتوو بکەن؛ جا وابووە بەرپەرچی بدەنەوە و واش بووە داکۆکی لێ بکەن و لەو دانوستانە فکرییەدا بە پیر ڕاستەقینەکانی جیهانی کولتوورییەوە بچن.

ئەوەی باسمان کرد ئەو شتەیە کە لە جیهانی زانستی ئەمڕۆدا بە «گەشەکردنی خوێندەواری ڕاگەیاندن»، یان «گەشەکردنی سەوادی ڕاگەیاندن» ناودێر کراوە و یەکێک لە سەرەتاییترین ئەرکەکانی ڕاگەیەنەیەکی بەرپرسە، کە ڕامان هەوڵی داوە بە لەبەرچاوکردنی ئەو ئاراستەیە، بە درێژایی بیست و هەشت ساڵ مرۆڤی کورد هان بدا کە لە هەمبەر هزر، بە هەموو ڕەهەندییەکانی ڕۆشنبیرییەوە و ئەوەی هاتووەتە خوێنی قەڵەمی کوردەوە،- جا چ لە چاوی نووسەر و هزرڤانی پرۆفیشناڵدا و چ لە چاوی شەقام- ڕوانگەیەکی وردبینانەتر و هاوسەنگتری هەبێ و بە شێوەیەکی دروستتر و بە ئاگادارییەکی زیاتر لەگەڵ بەرهەمەکانی هزری کۆمەڵگە ڕووبەڕوو بێتەوە.

ڕامان کە لە ناوەڕاستی نەوەتەکانی سەدەی بیستەوە بڵاو کرایەوە و بەختەوەرانە تا ئێستا بە تەکووزێکی بێ وێنە بەردەوامی هەبووە، بە لێ وردبوونەوە لەسەر تەوەری جۆراوجۆر، وەک ماف، کۆمەڵگە، شوناسی کوردی، چاند و هزر بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە، بەردەنگی خۆی چێوەختە داوە کە زیاتر حەول بدا بیر لە پرس و ئالنگارییە کومەڵایەتی، سیاسی، کولتووری و تەنانەت فەلسەفی و دەروونزانی و ئەدەبیش بکاتەوە کە ئەوە دەبێتە هۆی سامانداركردنی

هزری نەک تەنیا مرۆڤی ڕۆشنبیری کورد، بەڵکوو بێگومان دزەی کردووەتە شەقامیشەوە، چونکە ڕاستییەکەی ڕۆشنبیر وەک بەشی شوێندانەری کۆمەڵگە، ڕێک لە ڕێگەی گۆڤار و ڕاگەیاندنی ڕۆشنبیری بۆیان دەگونجێ کە ڕێبەرایەتی شەقام بکەن و تا ڕادەیەکی زۆر بەرپرسایەتی بکەن. ڕۆشنبیر بە ئاراستەکردنی پرسیارگەلی بنەڕەتی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی هزر، وەک هزری فەلسەفی، هونەری، ئەدەبی، کولتووری، کۆمەڵایەتی و مێژوویی، هەروەها بە ڕەخنەگرتن لە گوتارە گووراوەکانی کۆمەڵگە و بە دەستەوەدانی لێکدانەوەی نوێی قووڵ، دەتوانن چوارچێوەی فیکری نوێ لە گۆڤارەکاندا بنیاد بنێن و گوتاری نوێ بخوڵقێنن؛ ئەوجار بڵاوبوونەوەی ئەم گوتارە نوێیانە کە ڕاگەیەنراوی ڕۆشنبیری جا چ وەک گۆڤار و چ وەک پادکەست، یان سۆشیال میدیای پرۆفیشناڵ، دەتوانێ ئاراستەی گشتی باسە سواوەکان بگوڕێ. گۆڤار و ڕاگەیەنراوی ڕۆشنبیری هەندێ جار وەک ڕاگەیەنراوێکی دژە هێژمۆنیک دەردەکەوێ کە دەتوانێ ئەو کەڵە گێڕانەوانەی وا لەمێژ ساڵە لە ڕەهەندە جیاوازەکاندا بە سەر هەرێمی فیکری مرۆڤدا سەپێنراون، بە تەواوی تێک برووخێنێ و گێڕانەوەیەکی نوێی بۆژۆ نەکراو بەدەستەوە بدا و زەینییەتی شەقام سەر لەنوێ بنیاد بنێتەوە.

ڕاستییەکەی یەکێک لە ئالنگاری و باشترە بڵێم کێشەکانی مرۆڤی ڕۆشنبیری کورد لەو ئانوساتە و بە دوای لاوازبوونی هێزی ئایین و ڕووخان و لە ناوچوونی هەندێک پارادایمی لەمێژینەدا، بۆشاییەک بوو کە لە نێوان زمانی ئاکادیمیک و تێگەیشتنی گشتی پێک هات و ئەگەر بێتو ڕۆشنبیری کورد ئەو دەرفەتەی بۆ نەڕەخسابا کە لەگەڵ بەردەنگی خۆی-کە مرۆڤی کورد بە گشتی

بوو- بێگومان دابڕانێکی هزری و کۆمەڵایەتی سەیر لە جیهان و هەرێمی کوردی ڕووی دەدا و ڕەنگە بەو زووانەش کۆ نەکرابایەتەوە، کەچی ڕامان وەک ڕاگەیەنراوێکی بە تەکووز ئەو تریبۆنە بوو کە هزری ڕۆشنبیر و بەرپرسەکانی کولتووری کوردی بۆ کۆمەڵگە وەرگێڕاوە و بوو بە پردی پێوەندی نێوان کۆمەڵگە و ڕۆشنبیر، پێویستە بگوترێ کە پێشتر بیرمەندانی وەک «نۆوام چۆمسکی Noam Chomsky» و «ژیل دیلۆز Gilles Deleuze» ئەوەیان جوان ڕوون کردبووەوە کە چلۆن دەکرێ واتاگەلی چەتوون و قورس زاخاو بدرێ و بگاتە دەست بەردەنگی گشتی .

هەرچەندە "نۆوام چۆمسکی" و "ژیل دیلۆز" دوو ئاراستەی جیاوازیان بۆ مەسەلەی ساناکردنەوەی واتا فەلسەفییەکان بۆ کۆی خەڵک هەیە کە لێرەدا ناگونجێ، بەڵام با بە کورتی باسێک لەسەربۆچوونی چۆمسکی بکەین. چۆمسکی بە گرینگیدان بە دیموکراتیزەکردنی زانست و گواستنەوەی واتا قورسەکان بۆ نێوخەڵک، پێی وایە ئاڵۆزی و گرژی ڕواڵەتی واتا فەلسەفییەکان ڕاستییەکەی لە ئەستۆی دوو هۆکار دایە: یەکیان پێکهاتەی دەسەڵاتە کە بە ئانقەست واتاکان بە ئاڵۆزی دەنوێنن تا لە پاوانی خۆیاندا بیانهێڵنەوە، دووەمیش دەگەڕێتەوە سەر تەنبەڵی و تەپلۆسی ئەو ڕۆشنبیرانەی کە خۆ لە بەرپرسایەتی کۆمەڵایەتی خۆیان دەبوێرن و خۆ دەشارنەوە. بە پێی ئەم بیرە، چۆمسکی بۆ ساناکردنەوەی واتاکان و بردنە سەرێی ئاستی تێگەیشتنی کۆمەڵگە، لە تەکنیکگەلێکی تایبەت کەڵک وەردەگرێ کە باس کردنیان لێرەدا پێویست نییە، بەڵام یەکێک لە بەرچاوترینیان جێگۆڕکێ کردنە بە دەستەواژە چەتوونە پرۆفیشناڵەکان لەگەڵ گێڕانەوە مێژووییە هەست پێکراوەکان. بۆ وێنە گۆڕینەوەی دەستە واژەی «سامانداری دەرەنگ کەوتوو» بەو «کۆمپانیایانەی کە بەڕاستی کرێکارەکان دەردەکەن تا خاوەن بەشەکان دەوڵەمەندتر بن». هەڵبەت چۆمسکی وێڕای ئەو تەکنیکانەی پێرستیان دەکا، هۆشداری ئەوەش دەدا کە ساناکردنەوە نابێ بگاتە ئاستی گۆڕینی بە هەڵە و نوقستانکردنی واتاکان، بەڵام پێی وایە ئەگەر نەتوانرێ واتایەک بە بێ قەڵتوبڕ سانا بکرێتەوە، کە وابوو ئەو واتایە هەر لە بنەڕەتدا نەفامراوە. بێگومان ڕاگەیەنراوی ڕۆشنبیریی بە بڵاوکردنەوەی پوخت و ڕوون و زاخاو دراوی هزری ڕۆشنبیر، دەتوانێ ئەو پەردە بێت و کۆمەڵگە و ڕۆشنبیر لەو دابڕانەی پێشتر باسمان کرد، ڕزگار بکا و زانستەکان دیموکراتیزە بکا. هەڵبەتە دیارە خوێنەران ئاگادارن کە لەمەوبەر و لە ئاستی جیهاندا، ئەو ڕۆشنبیرانەی کە بە تەنیا بۆیان نەدەگونجا بیروڕای گشتی بە ئاراستە و ویستی خۆیان بیچم بدەن و بە ڕێکخستنی ئەڵقەکانی ڕۆشنبیری و بزووتنەوەی زانستگەیی و بڵاوکردنەوەی ئاڵوگۆڕی هزری خۆیان، چلۆن توانیویانە دامەزراوەی شوێندانەری مێژوویی وەک «قوتابخانەی فرانکفۆرت Frankfurt School» و «ئاڵقەی ڤیەننا Vienna Circle» بێننە ئاراوە و شەقامی جیهانی بەرەو ئامانجی دێرینی خۆیان بازۆن.

ڕامان بە بەدەستەوەدانی بەرهەمی هزری ڕۆشنبیر و لە پەنای ئەویشەوە بەروبووی هونەری و ئەدەبی و سینەمایی، تەنانەت مۆسیقایی مرۆڤی کورد، بوو بە دەرفەتێک بۆ وەشاندنی ئیدە و ئاراستەی نوێی ڕۆشنبیری کورد لە جیهانی کۆمەڵگەدا و «بەرەو یەکچوون»ێکی دەوامەدار و درێژخایەنی لە ڕۆحی کوردیدا چێ کردووە. بە سرنجدان بەو باسەی پێشوو و بە پێی ئەزموونی من، زۆربەی ئەو وتارانەی لە (ڕامان)دا وەک هزر و فەلسەفە و ڕەخنەی تیۆری تەوەر بڵاوبوونەتەوە،

سـەرەڕای ئـەوەی کـە چەتـوون فـام و نوقسـتان نەبـوون، لەسـەر ئـەو تەوەرەیـە بـڵاو کراونەتـەوە کە تێیانـدا پارێـز بکرێ لـە درێـژدادڕی فەلسـەفی و واتـای دژوار و کـەس تێنەگەیشـتوو و ڕاسـتییەکەی لەبـری تەڵقینـی ئیدیۆلۆژیکـی فەلسـەفە، بـە پێـی ڕێبـازی گۆڤارەکـە حـەول دراوە واتـاکان لەسـەر بنەمـای ئەمانەتـداری و بەرەچاوکردنـی بایەخـی زانسـتی، بگەنـە دەسـتی بەردەنـگ و بێجگـە لـە خوێنـەر و لایەنگـری پرۆفیشـناڵ، خوێنـەری ئاساییش بتوانێ کەڵکی لێ وەرگرێ و گەشە بە خوێنـدەواری و فکـری خـۆی بـدا.

ئەگـەر ئەندازیـاری کولتـووری بـە مانـای پرۆسـەیەکی پـلان داڕێـژی و گەڵاڵـە داڕشـتن و بەڕێوەبردنـی بەرنامـەی ئامانجـدار بـۆ ڕاهێنـان و گۆڕیـن و گەشـەپێدانی گۆڕانکارییـە کولتوورییەکان بێ، ئـەوە ڕاگەیانـدن دەتوانێ دەرفەتێکـی بـاش بێ بـۆ ئـەو پرۆسـەیە کـە نـەک بـە دەسـت دەسـەڵات، بەڵکـوو بـە بـە دەسـتەوەدانی هـزری ئـازاد و ڕوو لـە گەشـە، ئەندازیـاری چانـد بـکا و گوتـاری نـوێ بیەزمـوێ (ئەزمـوون بـکا) و بـە گەشـەپێدان بە پرۆسـەی «هزری ڕوو لە گەشـە»، ئەویـش تەریـب لەگـەڵ بیـری ڕەخنەگرانـە، هـەم پێـش بـە سـەرکوتکردنی بیـر و ڕا بگـرێ و هـەم بـە پیـر بیچـم گرتنـی فرەڕەنگـی کولتوورییـەوە بچـێ و بۆشـایی نێـوان ڕەگـەزەکان و چینـەکان پـڕ کاتـەوە. وێـڕای ئـەوەش دەتوانێت بناغەیەکی بـاش بـۆ پەرەسـەندنی بەردەوامـی کۆمەڵـگـە و شوناسـی نەتەوایەتـی بـێ.

ڕامـان بە ڕەچاوکردنـی سـتراتیژییەکانی ڕاگەیاندنی چانـدی، پێکهاتـەی هـزری کۆمەڵـگـەی لـە بـواری جۆراوجـۆرەوە کردووەتـە ئامانـج و حەولـی داوە بـە قـەرا هێـزی خـۆی ڕۆڵێکـی باشـی لـە ئەندازیـاری کولتـووری وڵاتـی خـۆی بـە مانایەکـی پۆزێتیـڤ و لەسـەر بنەمـای مرۆڤایەتـی ببـێ. ڕامـان بـە وردبوونـەوە لـە هونـەر، ئـەدەب، مێـژوو، فەلسـەفە و ڕەخنـە، ڕۆڵێکـی نـاوازەی لـەو ئاسـتەدا هەبـووە کـە نـە تەنیـا وەک ڕاگەیاندنێکـی ڕۆشـنبیری ڕەنگدانـەوە و دەنگدانـەوەی ببـێ، بەڵکـوو بـە هـۆی فرەڕەنگـی و قووڵایـی نـاوەڕۆک و دەرفـەت بەخشـین بـە قەڵەمـی نـوێ، ئـەو هێـزەی بـووە کـە بـە ڕواڵەتێکـی مەبەسـتدار و شـوێندانەر، لـە پرۆسـەی ئەندازیـاری کولتـووری کۆمەڵگەدا بەشدار بێ. بۆ وێنـە یەکێک لـە بنەڕەتیتریـن لایەنەکانـی ئـەو ئەندازیارییـە، پێناسـەکردن و برەوپێدانـی بایەخـە کولتـووری و ئاکارییەکانـە کـە دەبـێ لـە کۆمەڵگەدا ڕەچاو بکرێن.
ڕامـان بـە بڵاوکردنـەوەی سـەدان وتـاری ئەدەبـی و هونـەری بـە ئاسـتێکی جوانیناسـانەوە، لـەم بـوارەدا ڕەنگـە بـە بـێ ئـەوەی کـۆی بەردەنگـەکان هەسـتیان پـێ کردبـێ، چانـدی کـوردی نەخشـاندووە؛ هەروەهـا هەمیشـە دەلاقەیەکـی بـاش بـووە بـۆ ڕەخنـە و لـە ڕێگـەی بەدەسـتەوەدانی ڕەخنەگەلـی ورد و جۆراوجـۆری ئەدەبـی و هونـەری، ڕێزگرتـن لـە هـزری جیـاوازی کولتـووری وەک ئامانجـی خـۆی هەڵبژاردووە و بووەتـە هـۆی گەشـەی ناسـیاری بەردەنـگ لـە شوناسـی مێژوویـی و ئەدەبـی و هونـەری خـۆی و بەشـی خـۆی، بەردەنگـی هـان داوە بـۆ پاراسـتنی ئـەو شوناسـە.

ئـەم گۆڤـارە ئـەو بیرۆکەیـەی لـە دڵـی بەردەنگدا چانـدووە کـە لـەوە ورد بێتـەوە چلـۆن لەو ئانوسـاتە حەسـتەم و پـڕ لـە دابـڕان و پشـێوییەدا کـە لـە تـەواوی ئاقارەکانـی جیهانـدا لـە ئارادایـە، لـە پرۆسـەی پێکهێنانـی گوتارێکـی نـوێ بەشـداری بـکا کـە بەشـکوو بـە قازانجـی مرۆڤایەتـی و بـە تایبەتـی مرۆڤـی کـورد بـێ، بـەو جـۆرە ڕامـان پلاتفۆرمێکـی کولتـووری بـووە بـۆ گفتوگـۆ و دانوسـتانی هـزر و ئـاڵ و وێرکردنـی بیـر و ڕاو بـە باڵکێشـان بـە سـەر تـەوەرە گرینگەکانـی کولتـوورەوە کەشـێکی هێمنـی بـۆ دەسـتەبژێر و ئیلیتـی کولتـووری کـورد

ڕەخساندووە و ئەوانی بۆ بیرکردنەوە لە ڕێکاری نوێ، بۆ کێشانەوەی نەخشەی ژیانی ڕازاوە بە هزرێک هان داوە کە بە شوێن ڕاستەقینەی ژیانەوەیە، بێجگە لەوەش ڕامان نە تەنیا وەک پاسەوانی میراتی کولتووری کورد، بەڵکوو وەک یەکێک لە باشترین و بەردەوامترین و بەتەکووزترین گۆڤارە ڕۆشنبیرییەکان ڕۆڵی کارای گێڕاوە. هەم میراتی کوردی پاراستووە و هەم حەولی داوە دەستکەوتە کولتوورییەکان نوێژەن بکاتەوە و بە دیسان خوڵقاندنەوەی ئەو میراتە لە قاڵبی ئەدەب و هونەر و هزری پێشکەوتووی هاوچەرخدا، ئاوێنەیەک بۆ وەشاندانی نەریتە کولتوورییەکان و نواندنەوەی ئایندەی کولتوور بە پێی بیروڕای مرۆڤی هاوچەرخی کورد بێ. لە لایەکی دیکەوە بە تاووتووکردنی فەلسەفەی ڕێوڕەسمەکان و نەریت و واتا کولتوورییەکان – ئەویش لە سەردەمی بە جیهانیبووندا، کە گوشارێکی زۆر لەسەر مرۆڤی کورد، بە تایبەت نەوەی نوێی کۆمەڵگەیە– ڕامان هەوڵی داوە دەلاقەیەک بێ بۆ مرۆڤی نوێی کورد، بەڵکوو لە شوناسی دێرین و مێژوو و یاسا و ڕێسای چاندی خۆی تێ بگا. ڕامان ڕێک دەرفەت بووە بۆ ڕۆشنبیری خاوەن دۆخی کورد، کە تووشی ئەو گوشارە بەرین و بە هێزەیە و بۆ ڕزگاری کردنی کورد لەو دژوازییە کولتوورییە بە تەواوی توانایی خۆیەوە یاریدەدەر بووە.

لایەنێکی دیکە کە دەتوانێ شاندەری سەرکەوتوویی ڕامان بێ، ئەوەیە کە ڕامان تەنیا گۆڤارێک نەبووە کە زانیاریی پێوەندیدار بە ڕۆشنبیرییەوە بەدەستەوە بدا، بەڵکوو بۆ منێک کە لە تەمەنی مێرمنداڵی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لەگەڵ ڕامان پێوەندیم گرت، دەتوانم بڵێم باشترین دەرفەتم وەگیر کەوت کە پەروەردە و فێرکردنی نافەرمی کوردی ببینم و تێ بگەم کە قەڵەمی مرۆڤی کورد لە ئاستێکدایە کە بیری نوێ و داهێنەرانە بئافرێنێ و بنووسێتەوە، هەرچەندە ئەوە حاشا هەڵنەگرە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا گۆڤاری وەک سروە و ئاوێنە و هەندێک گۆڤاری تریش هەبوون و ئەرکی کولتووری خۆیان لە ڕادەی توانایی و دەرفەتی خۆیاندا بەڕێوە بردووە، بەڵام نە قەبارەی لاپەڕەی ئەوان و نە جۆراوجۆری و فرەبەرهەمییان بە قەرا ڕامان بووە و نە بە هۆی سنووردار بوونی سیاسەتی چاندیی دەسەڵات، بۆیان دەگونجا بابەتی بێ سانسۆر و فرەڕەنگ بڵاو بکەنەوە؛ کەچی بۆ منی ئەو کات کە زۆر کەم دەرفەتی دیتنی دەقی کوردیم هەبوو، ڕامان قوتابخانەیەکی نوێ بوو کە منی بردە پۆلی تازەی زانیاری کوردییەوە و زۆریش لەو ئاستە سەرتر بوو کە تەنیا زانیاری بدا.

بە لای منەوە یەکێکی دیکە لە لایەنە بە بایەخ و کەمتر دیتراوەکانی ڕامان، فۆرم بەخشین بەهزر و ئاکاری کولتووری ئەو نووسەر و داشدارانەی کولتوور بوو کە لە دەرەوەی باشووری کوردستان (ڕامان)یان دەدیت و دەیانخوێندەوە و بیریان لەوە دەکردەوە کە هەرچەند سڕینەوەی سنوورە دەستکردەکان لەسەر نەخشەی جوگرافیا یەکجار چەتوون و ئەستەمە، بەڵام لانی کەم لە بواری هزر و هونەر و ئەدەبەوە دەکرێ جوگرافیای کوردی ساغ بکرێتەوە و هیچ دەسەڵاتێکیش لەو سەردەمەدا کە سەردەمی تەکنۆلۆژیایە، بۆی نالوێ جوگرافیای بیری مرۆڤی کورد سنووردار بکا و لانی کەم ئێمە ئەگەر نەگەیشتووینەتە یۆتۆپیای نیشتمانی، ئەوە یۆتۆپیای کولتووری کوردمان ساز کردووە و هیچ بستۆکەیەک بۆ یەکگرتوویی بیری مرۆڤی کورد نەماوە کە دوژمن ناوی سنووری لێ بنێ و لێکمان دوور بخاتەوە، واتە دەکرێ بگوترێ ڕامان یەکێک بووە لەو یەکەم دەرفەتانە بۆ سازکردنی یۆتۆپیای هزری مرۆڤی کورد، کە بەختەوەرانە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن سوور بووە لەسەر ئەو ئەرکە

مێژووییـە و ئـەو دەسـتکەوتە بـە نرخـە هەرگیـز لـە بیـری ڕۆشـنبیری کـورد ناچێتـەوە.

ڕامـان ئێمـەی دەرەوەی باشـووری کوردسـتانی فێـر کـرد کـە چلـۆن دەرەقەتـی گوشـارە کولتـووری و سیاسـی و کۆمەڵایەتییـەکان بێیـن و هـاوکات پۆتانسـیەلە کولتوورییەکانـی ئێسـتا و داهاتـووی کـورد بدۆزینـەوە و هیوامـان بـێ کـە خەونەکانمـان لـە یوتۆپیـای نوێمانـدا وەدی بێنیـن. لـەو بـوارەدا کـە باسـم کـرد، ڕامـان نـەک هـەر وەک گوڤارێـک، بەڵکوو وەک بەرپرسـێکی نەبـەدی بەهێـز دەرکـەوت و بەرپرسـاریەتی کۆمەڵایەتـی خـۆی بـۆ بردنـە سـەرێی ئاسـتی ئاگاداریـی گشـتی لـەوڕۆی مرۆڤـی کـورد و بەخشـینی بیرۆکـەی بەرەنـگاری لەگـەڵ تەنگـژە کولتوورییەکانـی ناوچـە جۆراوجۆرەکانـی نیشـتمان زۆر بـە تەکـووزەوە بەڕێـوە بـرد. لـە مافـی ژنانـەوە تـا کێشـەکانی دیاسـپۆرا و دەروونزانـی و ئالنگارییـە هونـەری و ئەدەبـی و فەلسـەفییەکانەوە بـە فەرمـی و نافەرمـی بـۆ نواندنـی کێشـەکان و هاندانـی ڕۆشـنبیریی کـورد حەولـی داوە. تێکۆشـاوە بـۆ چارەسـەرکردنی برینـە مێژووییەکانـی کـورد و شوناسـی کـوردی وەک شوناسـێکی پایـەدار و خـاوەن توانایـی لـە هەمبـەر ئاڵوگۆڕەکانـی جیهانـدا پشـتیوانی کـردووە و دیسـان پێناسـەی کردووەتـەوە.

## ڕامان و مێژوو:

بـۆ منـی خوێنـدکاری بەردەوامـی مێـژوو، بەشـی مێـژوو لـە (ڕامـان)دا هەمیشـە بەشـێکی سـەرنجڕاکێش بـووە، مێـژوو نـەک تەنیا سـەرچاوەی تێگەیشـتن لـە ڕابـوردووە، بەڵکـوو ئـەو زانسـتەیە کـە توانایـی ناسـینی گۆڕانـی ڕوانگـەکان و هەڵسـەنگاندنی دۆخـی ئێسـتا و تەنانـەت پێشـبینی ڕەهەنـدە جۆراوجۆرەکانـی ژیانـی کۆمەڵایەتـی لـە داهاتووشـدا هەیـە. ئێمـەی کـورد هـەر بـەو جۆرەی کـە نیشـتمانەکەمان لەتوکـوت کـراوە، بەشـێکی زۆری مێژووشـمان پەرشـوبڵاو و چەواشـەیە، بـە داخـەوە پێکـەوە نەلکاوەتـەوە، بۆیـە زۆربـەی جـاران بـە هـۆی ئـەو جوگرافییـە دابـەش کـراوە، لێکۆڵـەری مێـژوو بـۆ ڕوونکردنـەوەی لایەنـە پەنـاو و پەسـیوەکانی مێـژوو، دەسـتی بـە هیـچ سـەرچاوەیەک ڕانـاگا و هەژارییەکـی سـەیر لـە بـواری سـەرچاوەی مێژووییـدا هەسـت پـێ دەکـرێ؛ بـە شـێوەیەک کـە بـۆ وێنـە منـی توێـژەر، زۆر جـاران ناچـار بـووم توێژینەوەکـەم تـا ماوەیەکـی دوورودرێـژ هەڵپەسـێرم، یـان بەبـێ ڕوونکردنـەوە لـەو لایەنـە تاریکانـە، کۆتایـی بـە توێژینەوەکـەم بێنـم. ڕامـان یەکێـک لـەو گۆڤارانـە بـووە کـە بـۆ پڕکردنـەوەی ئـەو خەسـارە بیرۆکـەی هەبـووە و بەشـێک لـە لاپەڕەکانـی خـۆی بـەردەوام بـۆ مێـژوو تەرخـان کـردووە.

بێگومـان سـاغبوونەوەی مێـژوو ڕاسـتەوخۆ پێوەنـدی بـە سـاغبوونەوەی نیشـتمانەوە هەیـە. نەتـەوەی بـێ ئـاگا لـە مێـژوو، هەرگیـز سـەرەتای نیشـتمانی خـۆی نادۆزێتـەوە و داهاتـووی گـەل و نیشـتمانی خـۆی نابینـێ؛ چونکـە هیـچ دەرفەتێکـی نەبـووە ڕاسـتەقینەکانی ژیانـی پێشـووی خـۆی لـە چـاوی مێـژوودا ببینـێ، کەواتـە هیـچ ئەزموونێکـی بـۆ ژیـان لـە داهاتـوودا لـێ هەڵنـاوەرێ. دیسـانەوە لێـرەدا ڕامـان بـە تەرخانکردنـی بەشـێک بـۆ مێـژوو، بـەردەوام زانیـاری بـاش و دەگمـەن و نوێـی لـە مێـژوو بـە دەسـتەوە داوە و بێجگـە لـە حەولێکـی بەنـرخ بۆ سـاغکردنەوەی پاژەکانـی لەتوکوت کراوی مێـژووی کـورد، ڕۆڵـی بـۆ ڕوونکردنـەوەی بەرچـاوی توێـژەری پانتایـی مێـژوو هەبـووە، بـە جۆرێـک کـە بـە بڵاوکردنـەوەی بابەتـی جۆراوجـۆر، پـەردەی لەسـەر زۆر دەیتـای مێژوویـی لاداوە کـە ڕەنگـە توێـژەر هـەر بیـری لـێ نەکردبێتـەوە. بەوجـۆرە توێـژەری کـوردی بـە ئاسـتێک لـە تێگەیشـتنی نـوێ و لـە دەیتـا مێژووییـەکان گەیانـدووە؛ هەڵبـەت

ئەوە بێجگە لەو شوێن دانانە کە دەکرێ وتارە مێژووییەکان لەسەر بەردەنگ بە گشتی هەیانبێ. ئەو دەستە لەو وتارانەی مێژوو تەوەرن، دیسان دەرفەتی وردبوونەوە لە ڕووداوەکان بە کۆمەڵگە دەدەن و پرسیارگەلی نوێ لەسەر زەینی ئەواندا دەخوڵقێنن و کارێک دەکەن مێژوو لە کتێبە قەبەکانەوە بێتە سەر شەقام و بە پێی ئەوەش نەوەک چیرۆکی ڕووداوەکانی ڕابوردوو، بەڵکوو وەک سووژەیەکی خاوەن دۆخ، چاو لە ڕووداوە مێژووییەکان بکا و وەک ئامرازێک داهاتووی پێ بپشکنێ.

دیارە لێرەدا مەبەستمان «futurology»، یان «توێژینەوەی داهاتوو»یە کە بە پشت بەستن بە زانستی مێژوو، شێوەیەکی زۆر بەهێز بۆ لێکدانەوەی ڕەوتی داهاتووی کۆمەڵگەکانە، چونکە مێژوو تەنیا گێڕانەوەی ڕابوردوو نییە، بەڵکوو تاقیگەی ئەو سەرچەشنانەیە کە بەردەوام بۆیان هەیە بە شێوازی نوێ دووپات ببنەوە؛ بۆ وێنە شۆڕشەکان، شەڕەکان و دەرکەوتن و داڕمانی ژیارەکان... تاد. بەو جۆرە توێژەری پرۆفیشناڵ دەرفەتی بۆ دەرەخسێ بە پێی ئەوانە گەلاڵە و پلانی نوێ بۆ داهاتوو دابنێ، هەر وەک پێشتر باسمان کرد، مرۆڤی کورد بە پێی ئەوەی کە مێژووی پوخت و تەواو دەرکەوتووی بۆ ساغ نەبووەتەوە، وزەی ئەوەشی نەبووە کە لە داهاتووی خۆیشی بتوێژێتەوە.

گۆڤاری ڕامان بە ئاوڕدانەوە لە مێژوو، ئەو دەرفەتەی داوە بە مرۆڤی کورد کە لانی کەم مەشقی ئەم توێژینەوەیە بکا و هەست بەوە بکا کە ئێستا ئیتر دەبێ جۆرێکی تر بڕوانێتە دۆخی خۆی لەو جیهانەدا. بە ڕەچاوکردنی ئەزموونەکانی ڕابوردوو، خۆی بۆدەرکەوتنێکی نوێ لە جیهاندا ئامادە بکا. هێزەکانی پشت کەڵە ڕووداوەکان بناسێ. لە کاردانەوەی ئەوان لە جیهان تێ بگا، تا بەڵکوو لەسەر بنەمای مێژووی خۆی، سیناریۆی نوێ بۆ داهاتوو بێنێتە ئاراوە.

**بەردەنگە دێرینەکان و پاراستنی ڕامان:**

بەردەنگە دێرینەکانی هەر ڕاگەیەنراوێکی کولتووری، ڕاستییەکەی ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە ناساندنی ئەو گۆڤارە بە نەوەی نوێ و لە تەمتومانی ئەو خێراییەی کە لە جیهانی هاوچەرخدا دەستەویەخەی هەموو ڕاگەیەنراوەکانە، ئەو بەردەنگانە دەتوانن بۆ پەرەپێدان و پاراستنی شوناسی گۆڤاری ڕامان هێزێکی تایبەت بن. ئەوانە کە بە درێژایی ئەم هەموو ساڵە متمانەیان بە ناوەرۆکی ڕامان کردووە، دەتوانن وەک باڵوێزێکی کولتووری لە نێوان خۆیان و نەوەی نوێدا کاردانەوەیان هەبێ و بە پێی ئەو ناسیارییە دێرینەی لە (ڕامان)یان هەیە، بە باشی دەتوانن داکۆکی لە ناوەرۆکی ڕامان بکەن. خاڵە بەنرخەکانی بە قەڵەمی نوێ بناسێنن. لە نێوان بەرەکاندا مێژوویەک بۆ ڕۆشنبیری کورد ساز بکەن.

ڕامان بەختەوەرانە بە ڕێکخستنی "فیستیڤاڵی ساڵانەی ڕامان" کە دانیشتنی باش و پرۆفیشناڵی تێدا بەڕێوە دەچێ، وەک پشتیوان، دەرفەتێک بۆ نزیکبوونەوە لە یەکتر و گەشەپێدان بە ئەڵقە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان بە بەردەنگەکان دەدا، بە جۆرێک کە ئەو بەردەنگە دێرینانە لە ڕێگەی ناسیاری نزیک لەگەڵ یەکتر و گێڕانەوەی ئەزموونەکان بۆ نەوەی نوێی نووسەران و ئاشنایی ڕووبەڕوو، بێگومان دەتوانن وەک باڵوێزی کولتووری، پارێزەری ئامانجەکانی ڕامان بن، واتە پشتیوانی کۆمەڵایەتی لە ڕامان وەک تریبۆنێکی چاندی هەمیشەیی، دەبێتە هۆی ڕاگرتنی ڕامان لە ناوەندی ناسیاری نەوەی نوێدا. ڕامان بە تەمەنی نزیک سێ دەیە ئامادەبوونی بەردەوام، بێجگە لە هەموو ئەو شتانەی کە باسمان کردن، ئێستا «دامەزراوەیەکی بیرەوەری گشتی ڕۆشنبیرانە»یە. کێشەی ئێستا

ڕاگرتنی بەردەنگە دێرینەکانی ڕامان نییە، بەڵکوو چێکردنی پێوەندییەک لە نێوان «بیرگەی بەرەی دێرین» و «زمانی بەرەی نوێ»یە. بەردەنگی دێرین تەنیا بەکارهێنەری ناوەڕۆکی ڕامان و خوێنەرێکی وەفادار نییە، بەڵکوو بیرگە و کۆیادێکی زیندووە و شایەتحاڵی زیندووی مێژووی هزری مرۆڤی کوردە. پەیامی ئەوان لە هەمبەر بەرەی نوێدا سەرووترە لەوەی کە بەوان ڕابگەیەنن کە خوێندنەوەی ڕامان کارێکی شیاو و بە جێیە!! دیارە بەشێک لە بەردەنگەکانی ڕامان نووسەرانن کە بە درێژایی مێژووی گۆڤارەکە یاریدەی ئەو گۆڤارەیان داوە. ئالنگارییەک کە ئێستا ڕووبەڕووی ئەو بەشە لە بەردەنگەکانە، ئەوەیە کە زمان و کەڵکەڵەکانی بەرەی پێشوو و بەرەی نوێ، جاری وایە هێندە جیاوازە کە مەترسی ئەوە هەیە ناوەڕۆک لە ڕوانگەی نەوەی نوێوە کۆن و سواو دەربکەوێ، بەڵام بەردەنگی دێرین بە دیسان پێناسەکردنەوەی واتا سەرەکییەکان، بە ڕاوێژی نوێ کە لە دۆخی ئێستادا سەقامگیر بووە، دەتوانێ ڕوخساری زمانی نووسراوەی خۆی نوێژەن بکاتەوە، هەروەها گێڕانەوەی بیرەوەرییە تاکەکەسییەکان لە چۆنیەتی شوێن دانانی نووسراوەکانی ڕامان لەسەر ئەوان لە دەلاقەی ڕامانەوە (بۆ وێنە هەر ئەو کارەی وا نووسەران لە لاپەڕەیەکی ئاوا دا دەیگێڕنەوە) دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەردەنگی نوێ تێ بگا کە ناوەڕۆکی ڕامان تەنیا کۆکردنەوەی بابەت نییە، بەڵکوو دەرفەتێک بووە بۆ ژیان لە ئاستی کولتووریدا و بۆ ئەو بەردەنگانەی کە سەردەمێک لاو بوون، قوتابخانەی گەشە و تێگەیشتن لە وڵاتی خۆ و جیهانی دەوروبەر بووە.

بابەتێکی تر بۆ بەردەنگانی دێرین کە دەکرێ وەک خاڵێکی نەرێنی باسی بکەین، متمانە نەکردنی ئەوانە بە کەشی دیجیتاڵ و تەکنۆلۆژیای سەردەم و ژیریی دەستکرد، کە هەڵبەت ئەو مەسەلەیە لە دووەمین فیستیڤاڵی ڕێکوپێکی ڕامان دا، کە لە کۆتایی ٢٠٢٤ دا بەڕێوە چوو، زۆر بە جوانی تاووتوو کراو و بە تەواوی وروژێنرا. سەرەڕای ئەوەش ئێستا هەبوون ئەو بەردەنگانەی بێ هیوا و بێ متمانە بوون بە پرۆژەی وەک «ژیریی دەستکرد» و بەتەواوی لە گەڵی ناکۆک بوون. ئەوە ئەرکێکی قورس و گەورەیە کە ئێمە ڕەگەڵ قەڵەمی نەوەی نوێ کەوین و فێریان بکەین میراتی پێشوو بپارێزن و هاوکات بە کەڵک وەرگرتن لە تەکنۆلۆژیای نوێ، ژیانێکی تازە بە واتاکان ببەخشن.

ئەرکی بەردەنگی دێرین ئەوەیە؛ بیر لە ڕاگواستنی بایەخە ڕۆشنبیرییەکان بۆ کەشی نوێ بکاتەوە. بۆ وێنە بە سانایی دەکرێ وتارێکی کلاسیک لە «ئیکس»دا بکرێتە «مۆدی وتووێژ» و هەشتەگێک وەربگرێ، هەروەها بەردەنگی دێرین بە ناساندنی نووسەر و شاعیر و خاوەن هزری دێرینی ڕامان بە ئینفلۆئێنسێری لاو، کە دەتوانن «دیسان ئەفراندنەوە»ی ناوەڕۆک بکەنە ئامانج و ڕاپیەڕێنن، دەکارن زۆر بە سانایی ناوەڕۆکە کلاسیکە پڕ بایەخەکان بە بێ ئەوەی بە پێی ڕوانگەی چۆمسکی، تووشی خەسارییان بکەن، بە قەولی نەوەی نوێ «وایراڵ»ی بکەنەوە. دیارە نەوەی نوێ بەهێزە بۆ کەڵک وەرگرتن لە ژیریی دەستکرد و تەکنۆلۆژیای سەردەم، کە ئەوەش دەتوانێ هێز و دەرفەتێکی باش بێ بۆ ئەرشیڤکردنی ڕامان لە هزری داهاتووی کۆمەڵایەتیدا و گواستنەوەی ئەو بایەخە چاندیانەی وا ڕامان بە درێژایی تەمەنی بە شوێنییەوە بووە.

**ڕامان و بەرەی Z :**

بێگومان لە جیهانی ئەوڕۆدا کە زمانی زلهێزەکان وەک ئینگلیزی و فەڕەنسی، زمانی سەرەکی کەشی دیجیتاڵ و تەکنۆلۆژیای سەردەمن،

ڕاگەیەنە خۆجێیی و هەرێمییەکان تووشی کێشەی قووڵ دەبنەوە. هەر بەو جۆرەش ڕامان کە بە زمانی کوردی دەردەچێ، لەگەڵ کێشەگەلێک وەک بۆشایی نێوان نەوەی نوێ و زمانی دایکی بەرەوڕووە و بە داخەوە زۆربەی بنەماڵەکانیش، تەنانەت لە باشووری کوردستان حەول دەدەن منداڵەکانیان لە قوتابخانەی ئەمریکی و ئینگلیزی و عەرەبی، تەنانەت (تورکی)دا بخوێنن و هەرچی زیاتر لە زمانی خۆیان دوور بکەونەوە، ئەوەش ڕاستییەکە کە نەوەی نوێ زۆرتر هۆگری زمانە نێونەتەوەییەکانە و کەم وا هەیە دڵیان بە لای خوێندنەوە بە زمانی دایکییەوە بێ؛ هەڵبەت ئەم کێشەیە تەنیا تایبەتی وڵاتانی ئێمە نییە و زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێیەم تووشی ئەو تەنگژەیە بوون. لە وڵاتانێکدا کە ئەزموونی دەسەڵات پێشینەی زۆری نییە و زۆریش لە ژێر هێزی بەجیهانیبووندان و دەرفەتیان نەبووە پەروەردە و فێرکردنێکی وا پتەویان هەبێ کە ئاگاداری لە هەزری نەوەی نوێ بکا، بێگومان ئەو تەنگژەیە زۆر بەهێزترە.

وەک نووسەرێک کە ئاگاداری ئەو کێشە و خەسارە نوێیانەیە، دەکرێت زۆر لەو پرسە قووڵتر ببینەوە؛ بە لایەکەوە پاراستنی شوناسی کورد و زمانی کوردی کەڵکەڵەی ئێمەیە و هاوکات، سەرنجڕاکێشانی نەوەی نوێ، یان "بەرەی Z" کە زۆر بە خێرایی و بەبێ بیرکردنەوە نیگای کولتووری بەرەو ئاسۆ نێونەتەوەییەکانە، ئەرکی سەرشانی ڕۆشنبیر و دەلاقە ڕۆشنبیرییەکانە کە بێگومان (ڕامان)یش بە پێی ئەو قورساییە و ئەو شکۆیەی کە هەیەتی، چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکرێ لە فکری ئەوەدا بێ کە ڕووبەڕووی ئەو کێشە و خەسارانە ببێتەوە و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو ئاڵنگارییەش پرۆژەیەکی کولتوورییە کە پێویستی بە ستراتیژی زۆر هۆشیارانە لە بواری ڕاگەیاندندا هەیە. یەکێک لەو ڕێکارانە کە بۆ هەڵگرتنەوەی نەوەی نوێ و پەرەپێدانی ناوەڕۆکی گۆڤارەکە لە بەینی ئەواندا کراوە، دیسان پێناسەکردنەوەی فۆرماتی گۆڤارەکەیە بە شێوەی نوسخەیەکی دیجیتاڵ، وەک ڕێکخستنی ماڵپەڕێک بۆ ڕامان کە بەختەوەرانە ڕامان ماوەیەکی باشە ئەو ستراتیژییەی جێبەجێ کردووە، بەڵام ئەگەر بێتو وتار و ناوەڕۆکی بەشە جوداکانی ڕامان لە قاڵبی ڤیدیۆ و پادکەست و مۆشن گرافیکدا بە زمانی کوردی بێ، دەکرێ بڵێین لەو چاخەدا کە خێرایی پێوەرێکی سەرەکییە بۆ شێوازی ژیان، ئەو قاڵبانە بێگومان کاردانەوەی باشیان دەبێ و هەڵبەت بۆ نوێژەنترکردنەوەی گۆڤار بە شێوەیەکی مەبەستدار، ڕێکار و ڕێچکەی زۆر باش هەیە کە بێگومان ستافی ڕامان و بە تایبەت "مامۆستا ئازاد عەبدولواحید" کە یەکێک لە دڵسۆزترین بەرپرسەکانی کولتووری کوردە، زۆر قووڵتر و شێلگیرانەتر ئەو ڕێبازەی هەڵسەنگاندووە و ڕەنگە بیرۆکەی زۆر بەهێز و بێ وێنەی بۆ هەبێ. هیوادارم مامۆستای بەڕێز و ستافی ڕامان هەمیشە سەرکەوتوو بن و یۆتۆپیای هزری مرۆڤی کورد بپارێزن و بەردەوام بیپارێزننەوە.